# ئەعرەجی تەئکید لە ویستی سەرۆك وەزیران بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ ئێران دەکاتەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی قاسم ئەعرەجی، تەئکیدی لە پەرۆشی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سودانی ، بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ ئێران کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی پێشوازی لە شاندێکی باڵای ئەمنی ئێران کرد، و لە دیدارەکدا بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران کرا و ئاستی تەواوکردنی هەنگاوەکانی لە نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ کرا.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەبارەی ئاسایشی سنورەکان و ڕێگریکردن لە قاچاچێتی و دزەکردن کرا، ئەوە جگە لە جەختکرنەوەی هەردولا بۆ بەردەوامبوون لە ڕێککەوتنی ئاسایشی نێوان هەردوو وڵات، کە لە بەرژەوەندی هەردوو وڵات و گەلی دەستدایە.

هاوکات ئەعرەجی تەئکیدیکردەوە، لە پەرۆشی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سودانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە و بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی بە شێوەیەکی شەخسی و ڕێگەنەدان بە هیچ جۆرە خاوبونەوەیەك لە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکەدا.